## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پایز لەشێعرەکانی موحەممەد عومەر عوسماندا

**موحەممەد عومەر ئیبراهیم**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان, زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

mohammedqolmarfy@gmail.com

**هاوکار موحەممەد ڕەشید**

بەشی کوردی، مامۆستا لەوەزارەتی پەروەردە، قەلادزێ، هەرێمی کوردستان، عێراق

hawkarmuhamad00@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١١

پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٥

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Literature, Muhammad Omer Osman, Poetry, Autumn, Pessimism

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.1.17

## پوختە

(پایز لە شێعرەکانی موحەممەد عمر عوسمان) دا،ناو نیشانی ئەم توێژینەوەیە، لەم توێژینەوەیەدا،بەشێوەیەکی گشتی، باسی ڕەنگدانەوەی وەرزی پایز لەشێعرەکانی شاعیردا کراوە، توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام ،لەدوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە، لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسی:(ناوەڕۆکی شێعری نوێی کوردی و ڕەنگدانەوەی سروشت لەشیعری نوێی کوردیدا و بەهای پایز لەشێعری نوێی کوردیدا) کراوە.

هەروەها لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، بەشیوەیەکی پراکتیکی باسی:(وەسفی وەرزەکانی ساڵ لەشێعرەکانی موحەممەد عمر عوسماندا و بەهای پایز لای موحەممەد عومەر عوسمان) کراوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە، لەم چوارچێوەیەدا، لای شاعیر ساڵ تەنها دوو وەرزە، ئەوانیش:(پایزو زستان) بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی تر، کەزۆر گرنگیان بەوەرزی :(پایزو بەهار)داوە، لەلایەکی ترەوە ئەم دوو وەرزە، کەرستەی سەرەکی شێعرەکانی بووە، هەروەها وەرزی پایز بەتەواوەتی، لەشێعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، وەك تارمایەکی گەورە باڵی بەسەردا کێشاوە، بەم هۆیەشەوە نازناوی ژەنەڕاڵی پایزی بەسەردا بڕاوە.

وشەی کلیلی: ئەدەب، شێعر، پایز، غوربەت، ڕەشبینی، موحەممەد عومەر عوسمان.

## پێشەکی:

بەهۆی ئەو بارودۆخەی، کە میللەتی کورد تێیدا ژیاوەو هەموو ئەو نەهامەتیانەی، کە بەسەری هاتووە، هەر بەدەربەدەری و ماڵوێرانی و یاخود هەرگیرو گرفتێکی تر، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە، شاعیران توانیویانە، بەهەر جۆرێک لەجۆرەکان بێت، گوزارشت لەهەموو ئەو ئازارانەبکەن، کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

## ١-٠ ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، هەروەك، لە ناونیشانەکەیەوە دیارە: (پایز لە شێعرەکانی موحەمەد عومەر عسمان)دا، هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە، بۆ خستنەڕووی لایەنی پایز، لە شیعرەکانیدا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم چەمکە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## ٢-٠ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی و شیعری سروشت و پایز بەتایبەت، لەلای موحەممەد عومەر عسمان ئاوڕی تەواوی لێنەدراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی نوێیە، لەسەر ئەم لایەنەی شاعیر، لەکاتێکدا پایز بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیری داگیرکردووە، هەڵبەتە لەزۆر ڕووی ترەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام ئەم لایەنەی شاعیر تا ڕادەیەك فەرامۆشکراوە.

## ٣-٠ سنوری توێژینەوەکە:

تەنیا مژاری پایزە لە دیوانی (لە غوربەتا)ی موحەممەد عومەر عسماندا، کەسەرجەم شیعرەکانی لەم دیوانەدا کۆکراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤-٠ ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازێکی وەسفی و شیکاریي بەکارهێنراوە، بەشێوەیەك، لەزۆر شوێن توانیوومانە نموونەی شیعری بۆ پاڵپشتی بابەتەکە بخەینە ڕوو.

## ٥-٠ گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان نووسینی هەر توێژینەوەیەك، بەدەر نیە لە هاتنە پێشەوەی گیرو گرفت، بەتایبەت لەسەر چەمکی پایز، لە شیعرەکانی شاعیردا، بەتایبەت بە هۆیی ئەوەی کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، کەمتر لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە کراوە.

## ٦-٠ بەشەکانی توێژینەوەکە:

هەڵبەتە، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پایز لە شێعرەکانی موحەممەد عومەر عسمان)ە بەشێوەیەکی گشتی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت. هەر بەشە و چەند تەوەرێك لەخۆدەگرێت:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە: باسی (ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی و ڕەنگدانەوەی سروشت لە شیعری کوردیدا و بەهای پایز لە شیعری نوێی کوردیدا) کراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە: بەشێوەیەکی پراکتیکی باسی (وەسفی وەرزەکانی ساڵ، لە شیعری موحەممەد عومەر عسمان داو بەهای پایز لە شیعری موحەممەد عومەر عسمان)دا کراوە.

## ١-١: ناوەڕۆکی شیعری کوردی:-

ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە ڕووخسارو ناوەڕۆك، کە هەردووکیان داپۆشەری بابەتەکەن و یەکتر تەواو دەکەن و دەبنە بناغەیەکی سەرەکی بۆ شیعر، شایەنی باسە ناوەڕۆکی شیعر، لەڕێگەی بیرەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕووخساریش، لەڕێگەی هەندێك فۆڕم یاساو تەکنیکی تایبەت بەخۆی بینا دەکرێت.

هەر بۆیە نووسەر :((لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە، بیرەکانی دەگەیێنێتە کەسانی تر، بەنیازی ئەوەی بتوانێت گۆڕانکاری، لەناو کۆمەڵ و کەساندا بەرپا بکات)) (شادومان قادر حسن: ٢٠٠١: ٩٥)

دیارە، هەموو گۆڕانکارییەك، لەڕێگەی بیرەوە سەرچاوە دەگرێت و نووسەریش دەیهەوێت مەبەست و ئەرکی شیعری خۆی، لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە بگەیێنێت، چونکە :((هەر سەردەمە و قۆناغێك و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕۆکێکی جیای هەیە، کە تایبەتە بە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری سەردەمەکە، ئەگەر ناوەڕۆکەکە لەئاستی ئەو بارودۆخە نەبوو ئەوا ناوەڕۆکێکی پەرپووت و بێ کەڵکە)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٦)

لە مەوە ڕوون دەبێتەوە، کە نابێت شێوەو ناوەڕۆك، لەیەکتر دابڕێت، چونکە ناوەڕۆکێکی بەهێز تەکنیکێکی لاواز لەخۆ ناگرێت، بەڵکو دەبێت هەردووکیان هاو ئاڕاستە بەیەکەوە کارەکە تەواو بکەن.

لەلایەکی ترەوە کانت دەڵێت :(( ناوەڕۆك شێوەیە نەك واتا، ناوەڕۆك تەنیا نیگارەکانە، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە واتا نیە، بەڵکو شێوەکەیەتی)) (فەرهاد پیربال: ٢٠٠٥ : ١٣)

کەواتە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیران زیاتر بابەتی (دڵداری و غەزەل و پیاهەڵدان و ...هتد) لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەرچی شیعری نوێی کوردییە، ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەش پەیوەندی بە گۆڕانی بارودۆخەکەوە بوو.

هەربۆیە د. صەباح بەرزنجی دەڵێت: ((ناوەڕۆکی شیعری کلاسیك ناوەڕۆکێکی خۆشەویستانە لەخۆدەگرێت و ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی و هەرچی شیعری نوێی کوردیشە، ناوەڕۆکێکی سیاسی و غوربەت و نامۆبوون لەخۆی دەگرێت)) (د. صەباح بەرزنجی: ٢٠٢٠: چاوپێکەوتن)

شاعیرانی کۆن و نوێ هەوڵی ئەوەیان داوە، کە کوڕی سەردەمەکەی خۆیان بن و شیعر بۆ ئەو قۆناغە بنووسن کە تێیدا دەژین :((لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی، لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ نموونە بابەتی (دڵداری) جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی بەخۆیەوە بینی، کە هەندێ لە شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئەدەبی کوردی، وەك (پیرەمێرد و ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر کەوتنە داواکاری لەشاعیران، کەواز لە هۆنراوەی دڵداری بهێنن و لەو وەسفە کلاسیکیانە دوور بکەونەوە، کە گیرۆدە بووبوون و زۆربەی شیعرەکانیان بۆ تەرخان کردبوو)) (د. شکریە رسول: ژ: ٢٠٠٠: ٤٩)

هەربۆیە، هەموو ئەو گۆڕانکاری و کێشمە کێشمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی، کە لەناوچەکە ڕوویانداوە، کاریگەری بەسەر نووسەرو شاعیرانەوە هەبووە، عەزیز گەردی دەڵێت :((بیری هۆنراوەی کۆن: (شانازی، مەدح، ستایش، ئاینی، دڵداری)...هتد) دەسووڕایەوە، بەڵام شیعری نوێ لە: (مرۆڤ – هەستی مرۆڤایەتی – شارستانیەتی و پێشکەوتن – یەکیەتی ئاوارەو نەسرەوتن و بێ ئارامی وەرس بوون و یاخیبوون و دەربڕینی ئێش و ئازار – نەخشەکێشانی ئاوات و ئامانج – هەڵاتن – هەگبەی تورەیی – مەسەلەی بوون و نەبوون و ژیان و مردن) واتا هۆنراوەی نوێ، دەربەڕاندنی زمان زانی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕازاندنەوەی چەند باسێکی سنور بۆ کێشراو نیە، بەڵکو کۆڕێکە مەسەلەی ژیان و مردنی تێدا ئەخرێتە سەر مێزی لێکۆڵینەوە)) (شادمان قادر حسن:٢٠٠١: ٩٩)

لە ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتاندا، گۆڕانگاری ئەدەبی سەرەتا، لە ناوەڕۆکەوە دەستپێدەکات، بەتایبەت شیعر، چونکە شیعر بەشێکە لە ئەدەب، ئەگەر سەیری ئەدەبی کوردیش بکەین، سەرەتا شیعر لەڕووی ناوەڕۆکەوە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوەی پێویستی ئەو قۆناغە بووە، کە شاعیران تێیدا ژیاون، وایان لە شاعیر کردوە، کە واقیع لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە، هەڵبەتە ئەو گۆڕانکاریەش، کە لەئەدەبدا دێتە ئاراوە، بەهۆی کاریگەری ئەدەبێکی تر، یان بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەکە، سەری هەڵداوە.

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی شیعری کلاسیك بکەین: ((لە بەرژەوەندی چینەکانی سەروو بووە: تەنیا چینی خوێندەوار و دەسەڵاتدار لێی تێدەگەیشتن، بەڵام ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی، لە خزمەتی هەموو چینەکانی گەلاندا بووە، بەتایبەت چینی هەژار)) (حسين غازى كاكەمين: ٢٠٠٨ : ١٢٥)

هەڵبەتە، مەبەست لەڕوونی و ئاشکرایی ناوەڕۆك ئەوە بوو، کەهەموو چین و توێژەکان، بەتایبەتی چینی هەژار، لە مەبەستەشێعریەکانی بگات و ئاگادارو وریایان بکاتەوە.

شیعری نوێی کوردی، گۆڕانکاری زۆری، لە ڕەگەزەکانی شیعردا بەسەر هاتووە، بە نموونە هەندێ ڕەگەزی وەکو :((ستایش و داشۆرین نەما و داشۆرینی ڕامیاری و ناوەڕۆکی نەتەوەیی جێگەی گرتەوەو بەجۆرێ لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ)) (سەرچاوەی پێشوو: ١٢٥)

هەربۆیە، هەندێك، لە شاعیران، بەتایبەتی حاجی قادری کۆیی :((بەشاعیرێکی کلاسیکی نوێ لە قەڵەم دەدرێت، واتا لەڕووی ڕووخسارەوە، کۆن و لەڕووی ناوەڕۆکەوە تازە، حاجی قادر گرنگیەکی زۆری بە ناوەڕۆکی شیعر داوەو، چونکە لای ئەو ناوەڕۆك ئەو مەبەستە سەرەکیەیە کە دەبێت بگەێنرێت)) (عبدالرحمان: ٢٠٠٩ – ٢٠١٠)

بێگومان، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە، لە نوێکردنەوەی شعری کوردی، بەتایبەت، لە گۆڕینی ناوەڕۆك و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعری، بۆ نموونە ((مەسەلەی نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعری لای (حاجی قادر) لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستیدا) دەبینرێت و (د. مارف خەزنەدار) باسی قۆناغەکانی گۆڕان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و لە سەدەی (١٩) دەست پێدەکات و لە گرنگی دان بەشێوەی هونەری و گرنگی دان بە ناوەڕۆکی شیعر دەداتە پاڵ (حاجی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قادری) كۆیی، تا دەگاتە ســەدەی بیســتەم و ســەرتایی نوێكردنەوەی شــیعری كوردی، بە گۆڕانی ناوەڕۆكی شیعر و هێشتنەوەی شێوەی هونەرییە كۆنەكە، دیاری دەكات، تا دەگاتە (گۆران) و سەرەتای دەستپێكردنی (شیعری تازە) ی دەداتە پاڵ)) (د. شكریە رسول: ژ: ٢٠٠٠ك: ٥٠)

لە كۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە ناوەڕۆكی شیعری نوێی كوردی، وەك قۆناغەكانی پێشووی شــیعری كوردی، هەڵگری ســیما و خاســیەت و تایبەتمەندی قۆناغەكەی خۆیی بووە ،هەموو ئەو گۆڕانكاری و ئاڵنگاریانەی، كە ڕوویداوە، بە جۆرێك لە جۆرەكان كاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر بیری نووسەر و شاعیرەكانەوە هەبووە، ئەمەش بەڕوونی لە ناوەڕۆكەكەیدا دەردەكەوێت.

## ٢-١ ڕەنگدانەوەی سروشت لە شیعری كوردیدا:-

ســروشــت هەموو ئەو شــتانە دەگرێتەوە، كە لەدەوروبەری مرۆڤدا هەیە و بەچاو دەیان بینێت ،لەو شــتانەی، كە دەســتكردی مرۆڤ و بەشــەكەی تریش لە دەســتی مرۆڤدا نیە و شــتێكی ســروشــتی و خواكردە، وەكو :(دار، شــاخ ، دەشــت، ڕووبار، ...هتد). ئەگەر ســەیری ســروشــتی دەوروبەر بكەین، دەبینین دیمەنێكی ســەرنج ڕاكێش و جوانیان هەیە، بەتایبەتی ســروشــت و هەڵكەوتەی جوگرافیای كوردستان، بۆ نموونە تۆبۆگرافیای كوردستان، لە سێ بەشی سەرەكی پێكهاتووە، لەوانە :((چیایەكان، دەشتەكان، گردەكان)) (ژیلوان عبدالله هەڵەدنی: ٢٠١٣: ٦)

هەر ئەم هەڵكەوتەیەش وای كردووە، دیمەنێكی جوان و ســەرنج ڕاكێش، لەچاوی شــاعیران و نووسەرانی كورد، ڕەنگبداتەوەو بەو هۆیەوە توانیویانە، شیعری سەرنج ڕاكێش و جوان بۆ سروشت بنووسـن و هەر لە شـاعیرانی كلاسـیكەوە، بگرە تا دەگاتە شـاعیرانی ئەم سـەردەمە، بە خوێندنەوەی گشـتی بۆ سـەرجەم شـاعیران و نووسـەرانی كورد، ئەوە دەردەكەوێت، كە هیچ شـاعیرێكی كورد نیە شیعری بۆ جوانی سروشت نەنووسیبێت و نەكەوتبێتە ژێر كاریگەری سروشتەوە، سروشتیش دوو جۆرە:

أ- سروشتی بێ گیان
ب- سروشتی زیندوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- سروشتی بێ گیان: ڕەگەز و دیاردەکانی زۆرن وەك :(زەوی، ئاسمان، ئەستێرە، دۆڵ،...هتد) کە ئەمانە و هاوجۆرەکانیان سروشتی ڕاستەقینەیان پێدەگوترێ.مەبەستیش لە سروشتی دەستکردیش، وەك :(خانوو، کۆشك، دێهات، ...هتد) دەچنە ڕیزی ئەم جۆرە سروشتەوە.

ب- سروشتی زیندوو: هەموو باڵندەو ڕووەك و ئاژەڵ و گیانلەبەرێك دەگرێتەوە، جگە لە مرۆڤ)) (د.فاضیل مجید محمود:٢٠٠٧: ١٢٠)

لەوەوە دەردەکەوێت، بەجۆرێك لە جۆرەکان هەردوو جۆرەکەی سروشت :(بێ گیان و زیندوو) کاریگەری بەسەر بیری شاعیرانمان هەبووە، توانیویانە، وەکو کەرەستەیەکی کاریگەر، لەناو هۆنراوەکانیاندا، بەکاری بهێنن و جا بۆ مەبەست بووبێت یان بێ مەبەست، بۆ مەسەلەی جوانکاری بووبێت یان بۆ دەربڕینی واتایەکی بەهێز.

لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا، مرۆڤ سەرسام بووە بە سروشت و هەوڵی داوە نهێنیەکانی ئاشکرا بکات، جا لەڕێگەی هەر هونەرێك لە هونەرەکان بووبێت، لە ناونیشیاندا شعر، بۆیە پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ پەیوەندیەکی توندو تۆڵە لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (( سروشت سەرچاوەی هەموو شتەکانە، بەبێ سروشت شتێك نیە پێی بوترێ شیعر، هێزی سروشت دەفعێکی بەقووەت دەداتە هێزی شیعر، من بۆ خۆم ناتوانم هیچ شتێك بنووسم ،کە لە چڵە وە بۆ گوڵ و بۆ بەرد و ئاو و بەردەوام لە دوو بارەبوونەوە دام، بەڵام هەر جارێك ،بەشێوەیەکی تازە، سروشت بەشێکی گەورەی تەجروبەم، پێکدەهێنێت، بە تێڕوانینی تازە، بۆ سروشت، من هەمیشە شتە مادەکان: (بێ گیانەکان) ڕووحێکی زیندوویان بەبەردا دەکەم، درەخت بەتەنها درەخت نیە، ئەشێ ژن بێت، شاعیر بیهەوێت بیگەێنێت بە ئینسانیەت)) (ئاشنا جەلال ڕەفیق: ٢٠١٢ : ٢٢)

لەوەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سروشت سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شیعر نووسین بووەو زۆرجار دیمەنە سروشتیەکان، بوونەتە هەوێنی شیعر و سەرچاوەی خوڵقاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، هەمیشە شاعیران هەوڵی ئەوەیان داوە، وێنەی سروشت بگرن و ئەو دیمەنانە، لە سروشتدا دەیان بینین بیگوازنەوە بۆ نێو تێکستە شیعرەکانیان و ئەوەی لە دیمەنی جوانی سروشتدا دەیبینین بیکەنە سەرچاوە بۆ وێنەی هونەری، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ،هەوڵی هەڵبژاردن و بەکارخستنی ناسکترین و جوانترین وشەی نێو فەرهەنگی زمان بدەن، تا بتوانن بە ناسکترین شێوە، وەسفی دیمەنەکانی سروشت بکەن و لەنێو تێکستەکانیاندا، ڕەنگبداتەوە، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێمە دەیانبینین، لەمانگ و ئەستێرە و ئاسمان و خۆر و دەریا و ڕووبار، تەنها خۆیان نین لای شاعیر، بەڵکو هەموو ئەمانە مانای جیاوازیان هەیە.

هەر لەسەردەمی کلاسیکەوە، شاعیران گرینگیان بە سروشت داوەو لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، سروشت لە شیعری کلاسیکدا، بریتیبووە، لە وەسفێکی ڕوون و بۆ ئەوە بووە ،کە هەستی ڕۆڵەکانی کورد بجولێنێت و خۆشەویستی خاك و نیشتیمانەکەیان، لەناخیاندا بچەسپێت، تا وڵاتەکەیان، زیاتر خۆشبوێت، بۆ نموونە، نالی سروشتی تێکەڵ بە شیعرەکانی کردووەو دەڵێت:

بنوارە ئەو بەهار و فتوحاتی گوڵشەنی

گوڵزاری کردووە لە دەمی خونچە پێکەنی (ملا عبدالکریم مدریس : ١٩٨٩ : ٦٦٨)

شاعیر لەم شێعرەدا دەڵێت، گەرسەیری وەرزی بەهاری نوێ و بەرەکەتی باخچەی گوڵان بکەین ،هەر گوڵەو گوڵێکی لێ دەبێتەوە، گوڵ دەم دەکاتەوەو هەر کە دەمیشی کردەوە، خونچە بەدەمیەوە پێدەکەنێت و دەپشکوێت و دەڵێت خونچە ڕۆڵەی گوڵە.

لەلایەکی تر مەحویش، سروشتی تێکەڵ بە شیعرەکانی کردووە و دەڵێت:

خەندەیەکی لە خونچەی دەمی تۆ دی کە لەباغا

هەر ،لەو دەمەوە ،لێو و دەمی خونچە ،لە گۆ چوو : (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٨)

ئەگەر، سەیری ئەم دێڕە شیعرە بکەین، جوان ئەم بابەتەی تێکەڵ کردووە و دەم و لێوی خونچە، کە زەردەخەنەیەکیان، لە تۆوەدی، لەناو باغدا دەست بەجێ لە تاواندا لەخۆچوون و لە جووڵە کەوتن و خونچە پشکوتوونی نەما، هەروەکو مەبەستەکەی زیاتر ڕوونکردۆتەوە و دەڵێت: کە خونچە زەردەخەی یارەکەی دیوە، لە هۆش خۆی چووەو لە جوڵە کەوتووە.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە شیعری کلاسیکی کۆن، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەیری شیعری نوێی کوردی بکەین، دەبینین سروشت بەشێوەیەکی بەرچاو، لەناو ئەوانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە کە سەیری شیعرەکانی گۆران بکەین ،چۆن سروشت تێکەڵ بە بەرهەمەکانی کردووە و دەڵێت:-

پایزا پایز

بووکی پرچ زەرد

من مات تۆ زیز

هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم تۆ بارانی
من هەناسەم تۆ بای ساردی
من خەم تۆ هەوری گریانت
دواى نایە دادم دادت (عبدالله گۆران : ١٣٨٩ : ٣٠)

لێرەدا، شاعیر بەشێوەیەکی جوان، وەسفی سروشت و پایزی کردووەو وەرزی پایزی چوواندووە، بە بووکێکی پرچ زەرد، چونکە لەم وەرزەدا، گەڵای دارەکان، زەرد دەبێت و هەڵدەوەرێت، شاعیر هاتووە، بەرگێکی جوانتری بەبەر ئەو دیمەنەدا کردووە، لەوەی کە هەیە، بەڵام لێرەدا شاعیر خۆی بە هاودەردی پایز دەزانێت و دەڵێت:

من فرمێسکەکانم بەرامبەر بە بارانەکانی تۆیە، هەناسە ساردەکەم بەرامبەر بە ساردەکەی تۆیە، خەمەکانی من لە هەمبەر هەوری گریانی تۆیەو کۆتایی نایەت.

هەربۆیە، لە شیعری کۆن و نوێدا سروشت بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوەو شاعیر توانیویەتی، وەك و چەکێکی کاریگەر بەکاری بهێنێت و مەبەستە شیعریەکانی پێ دەرببڕێت.

## ٣-١ پایز لە شیعری نوێی کوردیدا:-

هەڵبەت، پایز وەرزێکە، لە وەرزەکانی ساڵ و لە دوای کۆتایی هاتنی هاوین، ڕاستەوخۆ ئەم وەرزە دەستپێدەکات، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەم وەرزە لە وەرزەکانی تر جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەجۆرێك لە گەڵای دار و درەختەکان ڕەنگی ئاڵتونی دەگرن و کە لەدوای زەرد بوونی گەڵایەکان، ئەم گەڵایانە دەوەرێتە سەر زەوی و دەتوانین بڵێین سروشت گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

پایز وەرزی گەڵا ڕێزان و ڕووتانەوەی دارەکان و پایز بناغەی ژیان دارشتنە، لەگەڵ یەك یەکی وەرینی گەڵایەکان، خەمەکانی هەڵدەوەرن و بەجۆرێ وا هەست دەکەی کە باری سەرشانی مرۆڤ سووك دەبێت و دڵ پڕ دەبێت، لە ئومێدو شادی و پەیامی وەرزێکی نوێ و پەیامی پایزی پێ دەبەخشێ، زۆرجاریش پایز، بە وەرزی زیزی و دڵتەنگی و ڕووتانەوەی دارو درەختەکان و خاڵی مەرگی سروشت و بیرەوەری، لە مەرگی ئازیزان و یاران دێت ،هاتنی پایز :((ماڵئاوایی کردنە لە وەرزی هاوینی بەشین

و بەپێشـــوازیەوە چوونی پەڵە بارانی پایزانەیەو وەرزی بەرهەمە، مەڕدار و جوتیار و کاردار و کرێکار و بەرهەمی ڕەنجی کاریان دێتە دەست)) (ئەحمەد کاکە مەمی : ٢٠٠٣ : ١٠٣)

لەلایەکی ترەوە، زۆرکەس وەرزی پایز بەوەرزی نەگبەتی و ناخۆشـــی، لە قەڵەم دەدەن و وای دەبینن، کە ئەم وەرزە لەچاو وەرزەکانی تر وەرزێکی خۆش نیە، بەڵام شـــاعیران، هەریەکەیان بە شـــێوەیەك ســـەیری ئەم وەرزەیان کردووەو شـــیعریان بۆ هۆنیووەتەوە، بەڵام پایز لای زۆرێك لە شـــاعیران و ئەدیبان وەرزی شـــیعر و داهێنان یان وەرزی ڕەنگاو ڕەنگی گەڵایەکان و دەســـت لەملان بوون بێت، لەگەڵ زەوی یان وەرزێك، بۆ هاوڕێیەتی کردنی شـنەی شـەماڵ و کۆکردنەوەی گەڵای دارەکان، لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیران دەخەینەڕوو.

بۆ نموونە کامەران موکری، لەدەست لە ملانێکردن لەگەڵ پایزدا دەڵێت:

پایزی ڕوو زەرد، پایزی غەمگین
دیسان ژیانی باغی کرد بە شین
بەرگی بەسامی ماتەمی پۆشی
لەخوێنی گوڵێ گوڵی جەمی نۆشی
پۆپەی نەرمی تەڕ شکایە ناو ئاو
وەرزی تاڵ تاڵی گوڵی زەرد و خاو (عبدالله عزیز خالید : ١٩٨٧ : ٣٨)

گەر سـەیری ئەم شـیعرە بکەین، دەردەکەوێت،ك ە شـاعیر بەشـێوەیەك باسـی پایز دەکات ،کە وەرزی ڕووی زەردی و غەمگینی و شـــین و ماتەم تاڵی ژیان بێت، وەرزی وەیشـــوومە و شـــکان و پیری و بەساڵاچوونی گوڵ و دارو لق و پۆپی درەختەکان بێت.

هەروەها (کاکەی فەلاح)یش، یەکێك بووە، لەو شـاعیرانەی ،کە لە شـیعرەکانیدا سـروشـت و وەرزی پایزی پشتگوێ نەخستووەو بۆیە لە شیعری (من و پایز)دا دەڵێت:

زۆر سروشتیە سەرنج و چێژم
پایز باڵداری هەست ئەخروشێنێ
تینوویەتی ناخم دائەمرکێنێ
دڵم وەك خونچە گەش ئەکاتەوە (کاکەی فەلاح : ٢٠٠٤ : ١٨٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەر سەیری ئەم هۆنراوەیە بکەیت، شاعیر بەهاتنی وەرزی پایز، دڵخۆشن و چێژ لەم وەرزە دەبینێ و تینوویەتی پێدەشکێنێ، بۆیە دەڵێت:

بەهاتنی ئەم وەرزە، دڵم وەکو خونچە گەش دەبێتەوە و دەکرێتەوە، بەڵام شاعیر لە شیعری (گەڵاڕێزان)دا بە پێچەوانەی شیعری (من و پایز) گوزارشت لە پایز دەکات و وای دەبینێ، کە پایز وەرزی گریان و وەرزی وشکی و گەڵا ڕێزانە، بۆیە دەڵێت:

کە هەناسەی من وەك بای خەزان بێ
زەردەخەنەی لێو وشکە گریان بێ
وەك یەك بنوێنێ بەهار و پایز (پلیز)
دەبا وەرزەکەم گەڵا ڕێزان بێ (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٠)

هەروەها (ئەحمەد محمد) یەکێکە، لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەم سەردەمە، کە ئەویش ،وەکو شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی وەرزی پایزی فەرامۆش نەکردووە، لە شیعرەکانیدا، بەڵکو زۆر شیعری بۆ وەرزی پایز نووسیووە، لەوانە :(تەمەن، فرمێسك و باران، ئەستێرە باران، گەڕانەوە) ئەم شاعیرەش، پایز بە وەرزی فرمێسك ڕشتن و ڕۆیشتنی تەمەن وماڵئاوای و بەدبەختی و ڕەشبینی دەبینێ، بۆ نموونە لە شیعری (تەمەن)دا دەڵێت:

ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئەڕۆی ئاوڕ نادەیتەوە
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکتا لە عومری من ئەسڕیتەوە
ئێستاش گەڵای عومری گەنجیم وەکو پایز هەڵوەریوە
کێ وەکو من تەم و غوبار پەنجەرەکەی داپۆشیووە (أحمد محمد : ٧)

گەر سەیری ئەم هۆنراوەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر ڕەشبینێکی زۆری پێوە دیارەو توشی نائومێدی بووەو خەفەت لەو تەمەنەی دەخوا کە تێ پەڕیووە، هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (گەڕانەوە) گوزارشت، لە وەرزی پایز دەکات و دەڵێت:

ئەگەر ئەمجارە گەڕایتەوە لەگەڵ باران نم نم وەرە
(با)ی سەرشێتی تێروانینم بۆ شۆڕەبی پرچت بەرە
لە پایزی چارەنووسما گەڵایەکم بێ ناونیشان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەستێرەی گریاوی منە بۆت ئەڕوانێ شەو دەرەنگان : (سەرچاوەی پێشوو، ١٥)

شاعیر لەم شیعرەیدا، چارەنووسی خۆی وابەستەی پاییز و گەڵای پاییز کردووە، لەبێ سەرو شوێنی و بێ ناونیشـــان، لە لایەکی ترەوە، پیرەمێردی شـــاعیر، بەشـــێوەیەکی هونەرمەندانە، وەســـفی جوانی ســـروشـــت و دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردســـتان دەکات و توانایەکی بەرزی وای هەبووە، لەهەر چوار وەرزەکانی ساڵدا، ئەم دیمەنە جوانانەی وەرزەکانی بخاتە ناو چوارچێوەی شیعرەکانی، بۆ نموونە، لە شیعری (پاییزی دڵتەنگ)دا بەم شێوەیە، دەڕوانێتە پاییز:

پاییز دڵتەنگە، پاییز دڵتەنگە
هەوری نوێی پاییز زویر و دڵتەنگە
ڕەشەبا لێمان بەژارو ژەنگە
گەڵا ڕێزانە گوڵ ئاڵتون ڕەنگە
شت دان وەك مار لە دەست پێچ ئەخۆن
وەك سەوداکاران شێت و سەرەڕۆن (محمد ڕسوڵ هاوار (دیوانی ، ٢٠٠٧ ، ١٣٤)

هەروەها (دیلان)یش ،وەك شاعیرێکی هەست ناسك، لە دارشتن و هۆنینەوەی شیعرەکانیدا ،بەتایبەتی لەو شیعرە سروشتیانەی، کە بۆ وەرزەکانی ساڵ هۆنیویەتیەوە، بەشێوەیەکی هونەری بەرز، وەسفی وەرزەکانی ساڵ دەکات، بەتایبەتی وەرزی پاییز، هەر بۆیە لە شیعری (پاییز)یدا دەڵێت:-

ساڵ پاییزە، گەرمەی گەڵا ڕێزانە
زێڕ بارانە، شێوەی ساڵی جارانە
گەڵای ڕژاوی دارمازووی چیای بەرز
ملوانکەی ئاڵانە ملی وەرز
هەناسەی شاخ کزەبای ساردی پێدەشت
تێکەڵ نەبوون ڕووەو دامان بەبای وەست (عبدالله عزیز خالید: ١٩٨٧ : ٤٢)

دەکرێت بڵێین، لەناو ئەدەبیاتی کوردی بەگشـــتی و شـــیعر بەتایبەتی، شـــیعری (پاییز) بەڕوونی لای زۆربەی هەرە زۆری شـــاعیرانی کورد دەبینرێت و زیاتر لە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە، لەو چەمکەیان ڕوانیوە، بەشـــێك لە شـــاعیران، پاییزیان بۆ ژیانی پڕ لە ناهەمواری و ناڕەحەتی و تاڵی و جیابوونەوەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابڕان و مردن، گواستووەتەوەو ژیانی خۆیانیان پێ دەربڕیووە، بەشێکی تریان پایزیان، وەکو هەر دیمەنێکی تری وەرزی ساڵ، بە دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش زانیووەو لەو گۆشە نیگایەوە بۆیان ڕوانیووە.

## بەشی دووەم: ٢ - ١: وەسفی وەرزەکانی ساڵ لە شیعری موحەممەد عومەر عوسماندا:-

بە درێژایی، دروست بوونی زەوی و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، لەسەری بەردەوام مرۆڤ، هەوڵی داوە، بەپێی ئەو بارودۆخەی، کە تێیدا ژیاوە، خۆیی لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنێت، هەموو ئەو ڕووداو و دیمەنانەی، لەگەڵ پێکهاتەی گەردووندا هاتوون، مرۆڤ توانیویەتی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵیاندا دروست بکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ یەکتردا کارلێك بکەن.

جوانی ئەو دیمەنانەی سروشت، وای لە شاعیران کردووە، کەوا شیعر بۆ ئەو جوانیانە بنووسن و هەموو ئەو جوانیانەش کاریگەری تەواویان، لەسەر بیری شاعیر دروست کردووە، هەر بۆیە، شاعیرانی کوردیش، سروشت و جوانی گەردوون و جوانی ئەو دیمەنانە وای لێکردووە، کە بەشێك لە بەرهەمەکانیان، بۆ سروشتی جوانی وەرزەکان تەرخان بکەن، ئەمەش بۆ ئەوە، دەگەڕێتەوە، کە شاعیرانی کورد، وڵات و نیشتیمانی خۆیان زۆر خۆشویستووە و بۆیە بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، سرود و گۆرانیان بۆ گوتووە و هەوڵیان داوە، لەڕێگەی باسکردنی سروشت و دیمەنەکانی کوردستان هەستی نیشتیمان پەروەری و نەتەوایەتی، لەناخی لاواندا ،گەشە پێبدەن و ئەمەش وای کردووە شاعیرانی کورد، زۆر هۆگری :((خاك و خۆڵ، چیا و چۆڵ، دەشتەکان و گەڵا و گوڵ، دیمەنی گەڵای زەردی وەریوی زستانی سارد، بەهاری ڕەنگین، هاوینی گەرم، پایزی فێنك، کڕێوەی بەفر، بەستەڵەك، لووره لوری ڕەشەبا بوون و بەردەوام، لەڕێگەی کاریگەری ئەم دیمەنانە شیعریان نووسیووە)) (محمد عزیز : ٢٠٠٧ : ١١)

هەر بۆیە، یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە، بە تاقە دیوانەکەی جێگەی خۆی کردووەتەوە، لە دڵی خوێنەری شیعری نوێی کوردی، شاعیر بایەخێکی زۆری بە سروشت داوەو زیاتر باسی سروشت و وەرزی (پایز و زستان) کردووە و لەگەڵ ئەمەشدا، لە دیوانەکەیدا، لە چەند شوێنێ باسی وەرزی بەهار و هاوینی کردووە، هەروەها باسی دیاردە و ڕەگەزەکانیانی خستووەتەڕوو، شاعیر بەجۆرێ باسی وەرزەکان دەکات، لەکۆی گشتی دیوانەکەی (لە غوربەتا) ،چاپی دووەم ،ساڵی (٢٠٠٢) ،لە کۆی (٣٢) شعر، زیاتر لە (١٦) شعریان، وشەی پایزی بەکارهێناوە، لە (٤) شعریشدا ،وشەی زستان و

لە (٢) شـــعریشـــدا ،وشـــەی بەهارو هاوینی بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا، لە شـــیعرێکدا، هەر چوار وەرزەکەی بەیەکەوە باس کردووە، هەر بۆیە پایز بەشـێوەیەکی زۆر دیار و ئاشـکرا، کاری لە شـاعیر کردووە، بەڵام ناکرێت بڵێین، تەنها پایز ڕەنگدانەوەی بەســـەر شـــاعیر هەبووە، وەرزی زســـتانیش، کاریگەری لەسەر شاعیر، داناوە و دەکرێت بڵێین ئەو دونیایە، لای شاعیر چوار وەرزی تێدا نیە، بەڵکو دوو وەرز بوونی ڕاســتەقینەیان هەیە، کە ئەوانیش (پایز و زســتانن) تەنانەت، ئامادەیی زســتانیش، هیچی کەمتر نیە ،لە ئامادەیی پایز لای شـــاعیر، هۆکاری گرنگی پێدانی شـــاعیر بە وەرزی زســـتان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لەشـــیعرەکانی (ژەنراڵی پایز) ،کچێکی ســـرك و ئەفســـوون گەری هەیە، بێ ئەوەی قســـەیەك بکات زۆر جار دەردەکەوێت و وون دەبێت، پەیوەندی شـــاعیر، لە وەرزی پایز و زستانەوە، لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پایز ئەو کچەی پێ بەخشیوەو زستان لێ سەندووەتەوە، شاعیر لە شیعری (کۆست)دا، کە باس لە لەدەستدانی یارەکەی دەکات، لەکاتی بەفرباریندا دەڵێت:

من لەگەڵ هەورا ئەگریم بەیادی
ئەو ڕوژانەی کە ناگەڕێتەوە
ئەو بەفرەی لەسەر ڕێی کۆچیا باری
لە دڵی منا چۆن ئەتوێتەوە (لە غوربەتا: ١٤)

شـاعیر ،لەگەڵ هەورا، دەسـت بەگریان دەکات، هەروەکو چۆن، هەورو باران و بەفر دەبارێنێ ئەویش ئەشـــك دەڕێژێ بەیادی ئەو ڕۆژە خۆشـــانەی، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە، دیارە ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیە، کاتی کۆچی یاری شاعیرە، بۆیە شاعیر لەم کاتانەدا، بیری کۆچی یارەکەی دەکات و دەست دەکات، بە فرمێسـك باراندن و لەشـێوەی باران دەکەوێتە خوارەوە، هەروەها شـاعیر، لە شـیعرێکی تریدا کە باسی زستان دەکات و دەڵێت:

کە زستان نوقمی بەفر و ئاو ئەبوو
هەناوم ئەبرد بۆ کولبە و چەتر (لە غوربەتا:١٤)

شاعیر مەبەستی ئەوەیە، کە بەرگەی هەموو ناخۆشیەکانی ژیان دەگرێت، بەبێ ئەوەی هاوار بۆ هیچ پارێزەرێك و چەتر بەرێك بەرێت، هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەرزی پایز و زستان ڕەگەزی ســەرەکین، لە هۆنراوەکانیدا، بەڵام لەهەمان کاتیشــدا دەبینین وەرزی بەهاریش بە ڕادەیەکی کەم، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە وڵاتی کوردداندا نرخێکی تایبەتی هەیە ،مرۆڤ هەست بە مەستی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و گەرمی ژیان دەکات تیایدا، بەهار لە دونیای ئەدەبدا، بەرەمزی ژیانەوە و خۆش دێت، شـــاعیرانی کورد بە پێچەوانەی شاعیر زیاتر گرنگیان بەم وەرزە داوە، بەڵام شاعیر لە شیعرێکدا وەسفی بەهار دەکات و دەڵێت:

داوای شیعرێکی سەوزم لێ مەکە

بەهار لە عومری من بێ بەرییە

بڕوانە قژی ماش و برنجیم

کە دەفتەرێکی کوێرە وەرییە (لە غوربەتا:١٩)

شاعیر لەم شیعرەیدا، ڕەشبینیکی زۆری پێوە دیارە و بەیارەکەی دەڵێت: داوای شیعرێکم لێ مەکە ،کە وەك بەهار سەوز و ناودار بێت، ببێتە مایەی شادی، چونکە هەرگیز بەهار و شادی لە ژیانی مندا بوونی نیە، بەڵگەش بۆی نموونەی بە ســـپی بوونی قژی خۆی هێناوەتەوە، دەڵێت :تۆ ســـەیری قژم بکە کە چۆن مووی ڕەش و سپی سەری لێکداوە، کە ئەمەش وای کردووە، سەرجەم ژیانی پڕ کوێرەوەوەری بێت، بۆیە هەرگیز جەوی بەهارم نیە و ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری دەژیم، بەهۆی خەفەتەکانمەوە، هەربۆیە دواتر دەڵێت:

سێ بەهاریش ڕۆیی ...

دەستی نەهێنا گوڵێك بکاتە دیاری ئەگریمەنی

سپی پەشێوی (لە غوربەتا:١٩)

ئەگەر ســـەرنج بدەینە، ئەم شـــیعرە واتایەکی جیاوازی بە وەرزی بەهار داوە، لێرەدا بەهار بەبێ دەســـەڵات وەسف کردووە، لە ئاست بەخشـینی گوڵی هیوا، لە ئاست ڕووخساریدا، لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجێك، لە شیعرەکانی شاعیر بدەین، وەرزی هاوین زۆر کەم بەدی دەکرێت، تا ئەوڕادەیەی هاوین لە شعیرەکانیدا بێ سەر و شوێنە هەروەك لەم شیعرەدا دەڵێت:

کە پشکۆی هاوین بە پێستما ئەچرا

خۆم نەئەخستە ژێر باڵی بەفر (لە غوربەتا:١٣)

ئەگەر ،ســـەیری ئەم شـــیعرە بکەین، شـــاعیر لەوەرزی هاویندا، ناحەقی و ناخۆشـــیەکانی ژیان وای لێدەکات، پەنا بۆ کەس نەبات، کە بەفری وەك کەســـێکی خراپ چواندووە، شـــەرتی کردووە، داوای ڕزگاری لێنەکات، واتا ئومێد و بوێری ڕوو لە شاعیر دەکات و یان بە پێچەوانەوە، شاعیر ڕوو لە ئومێد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئازایەتی و بوێری دەکات و بەرگەی گەرمای هاوین دەگرێت، ئەمەش، وەکو مەبەستێك بۆ بەرگە گرتن بەرامبەر ناخۆشیەکانی ژیان.
کەواتە ئەوەی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، وەرزی پایز و تا ڕادەیەکیش وەرزی زستان بەدوو وەرزی شاعیر دادەنرێت، شاعیر لەناو باوەشی ئەم دوو وەرزەدا، خۆی دەبینێتەوە ،هەرچی وەرزی بەهار و هاوینیشە، بەڕادەیەکی کەمتر ڕەنگدانەوەی بەسەر شاعیرەوە هەبووە.

## ٢-٢: بەهای پایز ،لە شیعرەکانی موحەممەد عومەر عوسماندا

گومانی تێدا نیە، مرۆڤ کە لەدایك دەبێت، کۆتایشی پێدێت، ئەم لەدایك بوونەش لەناو سروشتێکدا ڕوودەدات و ئەم سروشتەش، لە کۆمەڵێ وەرزی جیاواز خۆی دەبینێتەوە، هەر یەکێك لەم وەرزانەش، تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە، لای مرۆڤ، هەموو ئەو گرنگی و تایبەتمەندیانەش، بە ژیانێکی خۆش و ناخۆشیدا تێ دەپەڕێت، لەلای شاعیرانی کوردیش، کەم تا زۆرێك، وەرزەکانی ساڵ کاریگەریان بەسەریانەوە هەبوون، لێرەدا شاعیر، کە هۆنراوە
دەنووسێت و لە باسکردنی هەر وەرزێك، لە وەرزەکان کەرەستە باوەکانی ئەم وەرزە بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە: ((لە وەسف و لێکچواندن و باسکردنی وەرزەکاندا، هەردوو وەرزی بەهار و پایز لای شاعیرانی کورد، بۆ نموونە (نالی، مەحوی، بێسارانی، مەولەوی، پیرەمێر، قانیع، گۆران، بەختیار زێوەر، حەسیب قەرەداغی، دیلان، کاکەی فەلاج، شێرکۆ بێکەس، قوبادی جەلیزادە، محەمەد عومەر عوسمان، زۆری تریش) زۆر بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە)) (هاوژین عیسی: ٢٠١١: ٥٤)
لەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لای شاعیرانی کۆن و نوێ وەرزی پایز وەرزی دابڕان، خەم و خەفەت و نەخۆشی و مەینەتی و دەردە سەری بووە، بەڵام لە شیعرەکانی موحەممەد عومەر عوسماندا، لایەنی غەریبی و نامۆی و زۆرجاریش، جوانی پایز خراوەتەڕوو، بەهایەکی گرنگی لای شاعیر هەبووە، دەتوانین بڵێین زۆربەی کات، پایز بەتەنها غەم و خەفەت و مەینەت بووە، شاعیر لە زۆربەی ئەو شیعرانەی، کە باسی پایز دەکات، ئەوە دەردەخات، کە وەرزی پایز وەرزی نامۆبوون و خۆرئاوابوون و ونبوونی هەموو هیواکانە.
شاعیرە، بەشێوەیەك باس لە پایز دەکات، کە جیاوازە لە شاعیرانیتر، بەجۆرێك کە خاڵی جوڵاندن و دژایەتی، کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە، ئەوەیە کە :(( (ژەنراڵی پایز) لە گۆرانی شاعیر تێپەڕیووە،

واتە بەباوکی شـــاعیرانی پایز ناســـراوە، یاخود ئەگەر پایز لەشـــکرێك بێت ئەوە (موحەممەد عومەر عوسمان) خۆی بەسەرۆکی لەشکرەکە داناوە)) (عەتا قەرەداغی : ٢٠٠٨ : ٥٣)

لەگەڵ ئەوەشـــدا، کە شـــاعیر بەرهەمێکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام لە جوگرافیای شـــیعری کوردیدا دەنگێکی دیار و خاوەن شـــوناســـی تایبەت بەخۆیەتی هەروەکو :((ئەو شـــیوەنەی کە شـــاعیر بە دیار تەرمی گەڵایەکەوە دەیکات، زۆر شـاعیر هەن ناتوانن بەدیار تەرمی شارێکەوە بیکەن)) (محمد کوردۆ : ٢٠١٠ : ١٥٩)

ئەمەش توانا و لێهاتووی شـاعیر دەردەخات، کە بەو بەرهەمە کەمەی کە هەیەتی بتوانێت پێشـەنگی ئەو شاعیرانە بگرێت، کە باسی پایزیان کردووە، لەلایەکی ترەوە د. قومری سەعید دەڵێت: ((خەزان و پایز ئاماژەیە بۆ مردنی لای گۆران و پیرەمێرد و مەولەوی، بەڵام ئەو پایزەی لای موحەممەد عومەر عوسمان بەکارهاتووە، ئەو پایزەیە، کە شاعیر هەمیشە لەناویدایە و دەربازی نابێت، وادەکات دەرونی شـــاعیر شـــیبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەمانای دەقی شـــاعیریەتی بگەین، دەبێت وێڵبین بە دوای ئەو دەقانەوە)) (شاخەوان صدیق: ٢٠١٠ : چاوپێکەوتن)

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، بابەتی شیعرەکەیە، نەك ئەو مانا و ئاماژە و بەهای جوانی لە شیعری ئەو شاعیرەدا بەرجەستەیە، ئەوەندەی زۆربەی جەماوەری شیعری کوردی بەدوای بابەتەکانی شیعردا دەگەڕێن، ئەوەندە بەدوای وێنەو ئاماژەو مانای نادیاری شیعردا ناگەڕێن، ئەوەی گرنگە و پرسیاری لێ دەکرێت باسـی چ بابەتێك دەکەیت؟ چۆن و بە چ زمانێکی شـیعری و ئەدەبی گوزارشـتیان لێ دەکرێ ((زاڵبوونی ئەم بابەت گەراییە بۆتە هۆی ئەوەی، کە شـــاعیرێکی وەك موحەممەد عومەر عوســـمان، دەنگێکی ونی نێو شیعری کوردیش، تەنانەت شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەسیش، بۆتە دەنگێکی دیاری نێو شیعری کوردی زیاتر لەبەر بابەتی شیعرەکانیەتی)) (عمر میراودەلی: ٢٠٠٨: ٥١)

کەواتە، هەموو ئەو پێوەرانەی کە هەڵســـەنگاندن، بۆ شـــاعیر دەکەن، زۆرجار گرنگی بەناوەڕۆکی شیعرەکانیان نادەن، بەڵکو لەسەر بنەمای ناو و ناوبانگ شاعیرێك، بەسەر شاعیرێکی تردا زاڵ دەکەن، بۆ نموونە گەر ســـەیری شـــێعرەکانی موحەممەد عومەر عوســـمان بکەین :((لەهەر کات و ســـاتێکدا بیهەوێت، پایز بخولقێنێ، وەك معجیزە دەتوانێت چوار وەرزی ســـاڵ بکاتە پایز و ڕووبکاتە هەر شوێنێ، پایز بەهەموو بۆن و بەرامەکەیەوە، لەگەڵ خۆیدا بەرێتە ئەو شوێنە)) (عمر حسین:٢٠٠٧: ٤٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شاعیر هێزێکی لە ڕادەبەدەر کاریگەری هەیە، بەڵام ونبووێکی سەردەمەکەی خۆیەتی، هەر بۆیە شاعیر خۆی دەڵێت :(( من هاتووم لە پایزدا ئەو شتانەی کە پەنجەرێك بوو، لە دونیا بڕوانم، ئەو شتانەی دەمهەوێ بیلێم (خۆشەویستی، مردن) هاتم بە میانەی پایزەوە، ئەو شتانەم بەدی کردووە، کە پێش من نووسراوە، بەڵام وەکو من نەهاتوون هەموو ڕووداوەکانی سەیر بکەن و لە شیعری مندا زۆر شت لە خۆ دەگرێت، بەخشین و قوربانی پێکەوە ئامادەییان هەیە)) (محمد عمر عثمان: ٢٠١١: چاوپێکەوتن)

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، پێوەری هەڵسەنگاندنی شاعیرێکی باش و خراپ بەزۆری و کەمی شیعرەکانی هەڵناسەنگێنرێ، بەڵکو بە گرنگی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەستنیشان دەکرێت، هەربۆیە دلاوەر قەرەداغی دەڵێت: ((شیعری ئەم شاعیرە، لەکاتێکدا بە ئاقارێکی دیکەدا هات، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان باسی هەندێك خەمی ئینسان بکرێت، شعری ئەم شاعیرە ڕوانینێکی تری بەخشی لەکاتی خۆشیدا سەدایەکی گەورەی دروست کردووەو تاکو ئێستاش ئەم سەدایە هەر ماوە)) (شاخەوان صدیق: ٢٠١١ : چاوپێکەوتن)

ئەگەر سەیری شیعری ژەنەڕاڵی پایز بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، هەموو ئەو لەمپەڕ و کۆسپانەی، کە باس دەکرێت، لەسەر لاوازی شاعیر تێکدەشکێنرێن و بەرزی بیری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت هەروەکو دەڵێت:

ژەنەڕاڵی پایز

من ژەنەڕاڵی پایز
منی هەرگیز ئۆقرە لە خۆ نەدیو
ژەنەڕاڵم.. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو (لە غوربەتا:١٢٩)

گەر سەیری ئەم هۆنراوەیە بکەین، شاعیر وەکو سەرکردە و ئەفسەرێکی پلەداری گەورە خۆی نیشان دەدات، بەڵام سەرکردەیەکی نێو جەنگ نا، بەڵکو سەرکردەی نێو جوگرافیای غەم و غوربەت و نامۆ بوون، لەکاتێکدا هەموو سەرکردەکان بەشێوازێکی توندوتیژی سەربازانە ڕەفتار دەکەن، نەك بۆ وەرینی گەڵای درەختەکان و بۆ ڕووتبوونەوە یان غەم و نامۆ بوون و فرمێسك نارێژن، بەڵام شاعیر

هەموو ئەمانە کاری لێدەکات، هەر ئەمەش وای لێدەکات کە خۆی بخاتە سەر شێوەی پایز، لە کۆپلەیەکی تری هەمان شیعردا شاعیر زیاتر درێژە بە بابەتەکە دەدات و دەڵێت:-

منم ژەنەڕاڵی پایز
کاسکێتەکەی سەرم هەورەو
ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەکن بەڕەنگی زیو
باڵتۆی بەرم کزەبایەو
شمشێرەکەم لقی درەختێکی زیو (لە غوربەتا:١٢٩)

گەر تەماشای ئەم کۆپلە شیعرە بکەین، باسی گەڵای ڕەنگ زیوی درەخت دەبێتە ئەستێرەکانی سەر شانی، کزە بای لەبەر دەکات و لقی درەخت دەکات بە شمشێر، هەروەها :((شاعیر توانیویەتی چەندین شتی لاچەپ و حیساب بۆ نەکراوی وەك گەڵای وەریو، لقە داری ڕزیو، پێکهاتەکانی دیکەی پایزی نەك هەر هێناوەتە بەر ڕووناکی شیعر، بەڵکو زۆر گەورە نیشاندراون و تەنانەت پلە و پایەی گەڵایەکانی ئەوەندە بەرز کردووەتەوە جارێك کردونی بە ئەستێرەی سەر شانی ژەنەڕاڵ و جارێکی تریش، لەوەش تێپەڕیون و کردوونی بە سەروەری مرۆڤ)) مستەفای سەید مینە: ٢٠١١ : چاوپێکەوتن

منم ژەنەڕاڵی پایز
درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم
منیش نازناوی شەهیدم دا بەڵام هەڵوەریو... و
کردمە تاکە ئازیزم
لەیەك ساتا خۆم کۆرپەی گەڵارێزان و
هەر خۆشم باوکی پایزم (لە غوربەتا:١٢٩)

هەروەکو لە شیعرەکەدا دیارە، کە باسی گەورەیی شەهید دەکات و شاعیریش درەختی ڕووتی ئەم نازناوەی گەڵا وەریوەکانی پایزی، بە باڵای خۆشەویستەکەیدا کردووەو دەشڵێ: من منداڵی گەڵا ڕێزانم و شاعیر چەند جارێك دڵنیایی خۆی و پایز باس دەکات.

هەروەها لە کۆپلەی کۆتایی هەمان شیعردا دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پایز
خوێنێکی زەرد بەنێو دەمارما دەگەڕێ و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوم هەروەك هەور نم ناك
تەنیا من بووم كە لەنابووتی شووشەدا
چەندین گەڵام سپارد بەخاك (لە غوربەتا:١٣٠)

گەر سەیری ئەم پارچە شیعرەش بكەین، شاعیر سەرباری دڵنیایی دەربڕینی، لە ژەنەراڵیەتی خۆی،كە مەبەست ژەنەراڵی پایزە، نەك ژەنەراڵی سەربازی، هەر بۆیە پێم وایە خوێنی ناو دەمارەكانیشی ڕەنگیان زەردە، هەموو گەڵایەكانی ئەمەندە خۆشویستووە، كە وەكو مرۆڤی مردوو بە خاكی سپاردون و ڕێزی لێ گرتوون، ئەمەش ئەم تایبەتمەندیەی داوە بە شیعرەكانی ئەم شاعیرە، كە گیان بەبەر بێ گیاندا بكات و بەهۆی ئەم لێكچواندنە جوانە وای كردووە زۆربەی شیعرەكانی بكرێتە گۆرانی، لەلایەكی ترەوە شاعیر بەوە ناوەستێ زیاتر نقوومی پایز دەبێت و دەڵێت:

پایز بوو باران نم نم ئەباری
نیگای چاوانی پایزی مەستی
وەك چەم ڕژایە دەشتی گیانمەوە
دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی (لە غوربەتا:٦٥)

ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، لە پایزدا نیگای جوانی ئەو كچەی خۆشدەوێت و وەك و چەم ڕژاوەتە گیانی شاعیرەوە و وەسفی خۆزگەی ئەوەی خستۆتە دەستی خۆیەوە، لە پایزدا بڵێسەی نیگای ئەو كچە گیری لە هەوری ساردی دڵی شاعیر بەرداوەو پایزی بۆ لێوان لێو كردووە، هەڵبەتە، شاعیر نامەی جۆراوجۆری هەیە، لە پایزدا، هەروەكو لەم شیعرەی بەناوی (نامەیێكی پایز)دا دەڵێت:

ئەی ئەو كچەی پایزانیش بەرگت سەوزەو گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت
خەو مەبینە قۆڵ و باسكم پشتوێنێ بێ بۆ كەمەرت
تۆ نەتدیوە چۆن ئاگری سپی پایزی بەربووەتە قژی سەرم
زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە (لە غوربەتا: ١٥)

ئەگەر سەیری ئەم كۆپلە شیعرە بكەین، شاعیر لێرەدا مەبەستی خۆشەویستەكەی بووە، كە تەنانەت لە وەرزی پایزیشدا، هیچ دارو درەختێكیش ڕەنگی سەوز نیە، كەچی ئەو كچە گوڵێكی ڕەنگ سەوزی جوانی لەپرچی خۆیداوە، تاوەكو دڵی شاعیر بەلای خۆیدا ڕابكێشێ، كە لەڕاستیدا پێی دەڵێت: كە نە بەخەون و نە بەڕاستی من تۆم لەبیر نیە، چونكە من بەتەواوی پیر بووم و تەنانەت ڕەنگی پرچیشم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سـپی بووە، بۆئەوەی ڕەنگی قژی سـەری تۆ، وەکو منی لێ نەیەت نزیك نابمەوە بم بوورە، هەروەها شاعیر درێژە بەم باسە دەدات و دەڵێت:

ئێوارەی پایز
ئێواریەو
گڤەی بادێ
هەور ئاسمانی گرتووە
ئێوارەیەو
داری پایز
ئاهەنگی مردن دەگێڕێ
گەڵا سەرچۆپی گرتووە (لە غوربەتا:٢١)

لەم کۆپلە شـیعرەشـدا، کەوا ئێوارەیەك، بایەکی زۆر سـارد و خێرای دێت و هەور بەری ڕەنگ شـینە جوانەی گرتووە، گەڵا دارەکانی بەکۆمەڵ هەڵدەوەرێنێ، دارەکانی شـیوەن و گریانیان بۆ گەڵایەکان دێت، دواتر دەڵێت:-

ئێوارەیەو
زۆر حەزدەکەم لەجێی باران
گەڵای زەرد بەسەرما داکا

ئێوارەیەو
باوەش دەکەم بە گەڵای مردووی پایزا
ئەو پایزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو ون ناکا

لێرەدا، شـاعیر چاوی خۆشـەویسـتەکەی بەڕەنگی زەردی گەڵایەکان دەچوێنێت و هەروەها زەردی گەڵاکانیش بە زەردی قژی دەچوێنێت، هەربۆیەشـە دەڵێت: پێم خۆشـە لەجیاتی باران گەڵای زەرد بەسەرما بباریت.

دواتر دەڵێت:-

پایزی ڕەنگ زەرد مایەی دڵتەنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردن بە ڕەمزی ئومێد من ڕەنگی
خۆم ڕاهیب خامۆش نەبووە لەکوێما زەنگی (لە غوربەتا:٩٥)

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەهۆی تایبەتمەندی ئەو وەرزەوە، کە گەڵای دارەکان دەوەرێت، زەوی یەك پارچە ڕەنگی زەرد دەپۆشێت، دارو درەخت هیچ گەڵایەکی پێوە نامێنێت، شاعیریش سوودی لەو دیمەنە وەرگرتووەو توانیویەتی چەند شیعرێك بۆ ئەو وەرزە بنووسێت، هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی بروسکەیەك دەڵێت:

ئەزانی بۆ دونیای شیعرم .. هەر پایزە.. هەر زریانە
من تەنیا پایز شك ئەبەم.. پایز بۆ من نیشتیمانە
خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە.. چیە غوربەت
ژیانی من ئاوا ڕوتی و تەنیایی و لێك دابڕانە
وەك دوو شەونمین.. سبەی ئەمان بات خۆری مەینەتی
یاخوود دوو گەڵاین.. ڕەشەبای پایز سەرمان ئەنێتە کۆشی غوربەت (لە غوربەتا:٥)

لە کۆتایدا، شاعیر خۆی وەك کەسێکی نەناسراو و نامۆ نیشان دەدات و پێی وایە، تەنیا هاوڕێ کە هەیەتی وەرزی پایزە، هەر بۆیەشە پایز بە نیشتیمانی خۆی دەزانێ و شاعیر خۆی بە کەسێکی ئاوارەو تەنیا و دوور لە کەسان و دادەنێت و خۆی وەکو گەڵا وەریوەکانی پایز دادەنێت.
ئەمانە چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر بوون، لەسەر گرنگی و بەهای پایز، جێگەی ئاماژە پێکردنە، کە شاعیر لە دیوانەکەیدا (٥٤)جار وشەی پایزی بەکارهێناوە، لە کۆی (٣٢) شیعری ناونیشانی (٦) شیعری وشەی پایزی تێدایە.

## ئەنجام

1- بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی، هەڵگری سیما و خاسیەتەکانی تایبەت بە خۆیەتی، لەم نێوەندەشدا شیعری کوردی، لە دەوروبەری چەند بەشێکدا سوڕاوەتەوە لەوانە (مرۆڤ و مرۆڤایەتی، شارستانیەت، ژن وەك خاوەن کێشە، مەسەلەکانی ژیان و مردن،...هتد).
2- شیعری کوردی بەگشتی و شیعری نوێ بەتایبەتی، باسی هەر چوار وەرزەکانی ساڵیان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی وەرزی پایز و بەهار زیاتر ڕەنگی داوەتەوە لەچاو وەرزەکانی تر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، باسی پایز کراوە، بەڵام گرنگی و پێگەی وەرزی پایز وەك چەمك زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی.
4- لای موحەممەد عومەر عوسمان ساڵ تەنها دوو وەرزە، ئەوانیش پایز و زستان پێچەوانەی بەشێکی زۆر شاعیرانیتر، تەنها ئەم دوو وەرزە کەرەستەی سەرەکی شعرەکانی بووە.
5- وەرزی پایز تەواوی شیعرەکانی شاعیری داپۆشیوە و وەك و تارمایەکی گەورە، باڵی بەسەردا کێشاوە و پایز بۆتە هۆی ئەوەی کەنازناوی (ژەنەڕاڵی پایز)ی بۆ داتاشیووە.

## سەرچاوەکان:

1- أحمد محمد، کۆ بەرهەمە شیعرەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
2- حسين غازي کاکەمین، نوێکردنەوەلا شیعری کوری لە ساڵی (١٩٣٢ - ١٩٤٩) لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
3- د. شکريه رسول، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٢٠٠٠، چاپ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
4- د.فاضيل مجيد محمود، سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
5- ژیلوان عبداللع هەڵەدنی، کوردۆلۆژی، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٣.
6- شاخەوان صديق، چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد عمر عثماندا، بەروار: ١٣ – ١٢ – ٢٠١٠.
7- شادومان قادر حسن، بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
8- عبدالرحمان، ئەدەبی نوێ، وانەکانی کۆلێژی زمان، قەڵادزێ، ٢٠٠٩ – ٢٠١٠.
9- عبدالله گۆران، دیوانی گۆران، چاپخانەی دالاهۆ، چاپی چوارەم، ١٣٨٩.
10- عمر حسين، زەردە گەرمایەتی هاوینی و میوانێکی پایزی، گۆڤاری زنار، ژمارە: ٨، ٢٠٠٧.
11- عمر میراودەلی، زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
12- عەتا قەرەداغی، مرۆڤ لە وەرینی گەڵایەکاندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٥، ٢٠٠٨.
13- فەرهاد پیرباڵ، شێوەی نوێی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥
14- فەرهاد پیرباڵ، شێوەی نوێی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥
15- کاکەی فەلاح، دیوانی شیعر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤.

16- محمد ڕسوڵ هاوار دیوانی شیعر (پیرەمێردی نەمر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
17- محمد عزیز، یاقوت و زمروتی کوردی سروشتی جوان، بەرگی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
18- محمد عمر عثمان، چاوپێکەوتن: ٢٠ – ١ – ٢٠١١.
19- محمد کوردۆ، ڕەخنەی ئەدەبی (جوانی و جیاوازی)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٠.
20- مستەفای سەید مینە، ڕەخنەی پراکتیکی، محازەراتی کۆلێژی زمان، قەڵادزێ، ٢٠١١.
21- ملا عبدالکریم مدریس، دیوانی نالی، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی حەوتەم، ساڵی ١٩٨٩.
22- هاوژین عیسی – دەریا جەمال حەوێزی، وێنەی لێکچواندنی پایز لە شیعری (گۆران) و (قوبادی جەلي زادە)، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژمارە: ٢٠، ساڵی ٢٠١١.
23- ئاشنا جەلال ڕەفیق، لاوانەوە لە شیعری کوردی کرمانجی حواروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، سلێمانی.
24- ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵە بەهارا، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

**الملخص**
(الخريف ومحمد عمر عثمان)، عنوان هذه الدراسة، وهي تتناول فصل الخريف وانعكاساته في شعر الشاعر، تتكون الدراسة إضافة إلى مقدمة وخاتمة من المبحثين الرئيسين، المبحث الأول يتناول (مضمون الشعر الكردي الحديث وانعكاس الطبيعة عموماً والخريف خصوصًا فيه).
أما المبحث الثاني فقد تناول تطبيقيًا (وصف فصول السنة في شعر محمد عمر عثمان وقيمة الخريف عنده).
وأهم النتائج التي توصل إليها الباحث هو أن الفصول السنة عند الشاعر فصلان فقط، وهما (الخريف والشتاء)، عكس الشعراء الآخرين، لأنهم اهتموا كثيرًا بفصلي (الخريف والربيع). وأن فصلي الخريف والشتاء قد شكلا المادة الخامة لشعر الشاعر، وقد سيطر الخريف على شعره كليلة ظلماء، وبهذا السبب لقب بـ (جنرال الخريف).
الكلمات المفتاحية: الأدب، الشعر، الخريف، الغربة، التشاؤم، محمد عمر عثمان.

## Mohammad Omer Osman and autumn

**Mohammed Omer Ibrahim**
Department of Kurdish, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammedqolmarfy@gmail.com

**Hawkar Mohammed Rashid**
Department of Kurdish, Teacher at Ministry of Education, Qaladze, Kurdistan Region, Iraq
hawkarmuhamad00@gmail.com

***Keywords**: Literature, Muhammad Omer Osman, Poetry, Autumn, Pessimism*

## Abstract

Autumn and Mohammed Omer Osman is the title of this study; trying to describe the reflection of autumn season in the poems of the poet. Apart from the introduction and the result, the study includes two main parts; the first part of the project is about (The content of the new Kurdish poetry and the reflection of nature in the new Kurdish poetry and the value of autumn in the new Kurdish poetry). In the second part of the study, the practical aspects are described as follows (The description of the seasons of the year is based on the poems of Muhammad Omar Osman and the value of autumn by Mohammad Omar Osman.

The most important conclusions that the researcher has reached in this context are that in the poet's opinion there are only two seasons of the year (winter and autumn), Unlike many other poets, who paid great attention to the seasons: (Autumn and Spring). On the other hand, it was the two seasons, which became the main theme of his poems.

The autumn season has also covered the poetry of the poet, that is why he was known as a (General of autumn) .